# لەهەولێر، لێدانی پۆلیسی هاتووچۆ بووەتە دیاردە

ئا: **ئالان ساحێبقڕان، هەولێر**

ماوەیەکە لەشاری هەولێر لێدانی پۆلیسی هاتووچۆ لەشەواندا بووەتە دیاردە بەتایبەتیش لەلایەن "بەرپرسو کوڕەکانیانەوە"، بەرپرسێکی هاتووچۆش رایدەگەیەنێت کە هیچ پۆلیسێک سکاڵای تۆمار نەکردووە.

هاوڵاتیانی شاری هەولێر نیگەرانن لەوەی کە زۆرجار بەتایبەتیش لەشەواندا هێرش دەکرێتە سەر پۆلیسەکانی هاتووچۆو لەبەرامبەریشدا سەرپێچیکاران سزا نادرێت.

نزار سلێمان شۆفێرێکی تەکسییەو نیگەرانی خۆی نیشاندا لەهەڵسوکەوتی خراپی هەندێک لەبەرپرسو کوڕەکانیان، بەڵام لەو رووەوە خەتای حکومەتی گرتو وتی "ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕی حکومەت، دەنا بۆچی لەکاتی رژێمی بەعسدا کەس نەیدەتوانی تەماشای پۆلیسی هاتووچۆ بکات، بەڵام حکومەتەکەی ئێمە ئەوەی دێت دەیکاتە پۆلیس، ئیدی حەقی نییە شێوازی قسەکردنی چۆنەو چۆن نییە".

هاوڵاتییەک بەناوی قارەمان جەبار ئاماژەی بەوەدا "شەوێک لەسەر پردی سەیداوە راوەستا بووم هەر ئەوەندم بینی سێ کەس لە ئۆتۆمبێلێک هاتنە خوارەوە پۆلیسێکی هاتوچۆیان گرت، خەڵکیش هەوڵیاندا لەژێر دەستی دەریبهێنن، یەکێکیان وتی دوورکەونەوە تەقە دەکەم، بەڵام ئەوەی جێگەی شەرمەزاری حکومەتە ئەوە بوو کاتێک پۆلیسی فریاکەوتن مەفرەزەیەکی هات لەجیاتی ئەوەی سێ کەسەکە قۆڵبەست بکەنو بیانبەن، کەچی بەقسەی نەرم داوایانکرد هێرش نەکەنەوە سەر پۆلیسەکە، دواتر بەقسەی خۆش سێ کەسەکەیان بەڕێکرد".

پۆلیسێکی هاتووچۆش کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت وتی "من لەلایەن دوو کەسەوە هێرشم کرایە سەر، تەنها لەبەرئەوەی وتم بۆچی لەگڵۆپی سووری ترافیکەکەت داوە، بەشێوەیەکی زۆر جوانو بەوپەڕی رێزەوە پێموت، کەچی بەهەردووکیان هێرشیان کردە سەرم وایاندەزانی دوژمنداریان لەگەڵم هەیە، ئەوەبوو خەڵکی خێرخواز منیان لەبەردەستیان دەرهێنا کاتێک ویستم داوایان لەسەر تۆمار بکەم زۆربەی هاوڕێکانم دەیانوت بابە شانت لە شانیان مەدە ئەوانە خەتەرن، بۆیە ناچار کشامەوە لەسکاڵاکە لەحەقی خۆشم خۆشبووم".

ئەو پۆلیسە وتیشی "بەڵام من یەک قسەم هەیە بۆ سەرۆکی هەرێم کە هیوادارم لەرێگەی رۆژنامەکەتانەوە بیخوێنێتەوە، پێیدەڵێم پێویستە بەڕێزت بەرپرسەکان وا فێر بکەیت کە لەشەقام برۆن خەڵکیتر شەرم لە رۆشتنی خۆیان بکەنەوە ئەوانیش بەهۆی ئەوانەوە سەرپێچی نەکەن، نەوەکو کەسانی شەڕانگێز هێرش بکەنە سەرمان لەبەرئەوەی ئەو کارە لە هەولێر بووەتە دیاردە".

بۆ ئەم مەبەستە ئاوێنە پەیوەندیکرد بەبەڕێوەبەری راگەیاندنی هاتووچۆی هەولێر، عەمیدی پۆلیسی هاتووچۆ، عەبدولقادر سەمەد، ناوبراو رایگەیاند کە هەر کەسێک هێرش بکاتە سەر هەر کارمەندێکی حکومەت نەک هەر پۆلیس ئەوا بەپێی یاسا سزایەکەی زۆر قورسە.

هەروەها وتی "تائێستا هیچ پۆلیسێکی هاتووچۆ سکاڵای نەنوسیوە لەسەر ئەو کەسانەی هێرشیان دەکەنە سەر، چونکە ئەوانەی هێرشیان دەکەنەسەر، دواتر خەڵک دەنێرنە لایانو بەسوڵحی عەشایەری کێشەکان چارەسەر دەکەن".



پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر لەکاتی راپەڕاندی کارەکانیان لەبەردەم قەڵای هەولێر — فۆتۆ: یەحیا ئەحمەد

# بەهۆی دوو ئیدارەییەوە کەمئەندامانی هەرێم، موچەکانیان جیاوازی هەیە

## لەسەردەمی نێچیرڤان بارزانی ویستمان بیبینین، نەمانبینی، لە سەردەمی دکتۆر بەرهەمیشدا چاوەڕوانین بمانبینێ

ئا: **عیساخدر**

سەرۆکی چەند کۆمەڵەیەکی کەمئەندامان لە هەولێر باسلەوەدەکەن کە زیاتر لە ١٠٠ جار داوای ئەوەیانکردووە چاویان بە نێچیرڤان بارزانی بکەوێت کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کابینەی پێنجەم بوو. هەروەها ئێستاش داوایانکردووە چاویان بە د. بەرهەم ساڵح بکەوێت، بەڵام هەوڵەکانیان بێ سود بووە.

بەپێی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٠ موچەی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان زیادکرا، کە بۆ ئەوانەی موچەیان ٣٠ هەزار دینارە ببێتە ١٠٠ هەزار دینار، هەروەها ئەوانەی ٥٠ هەزار دیناریان وەردەگرێت ١٥٠ هەزار دینار، بەڵام ئەوەی کەمئەندامانی هەولێرو دهۆکی نیگەران کردووە جیاوازی هەیە لە نێوان موچەی کەم ئەندامان لە کاتی دوو ئیدارەییەکەی هەولێرو سلێمانی!.

وەک سەرۆکی کۆمەڵەکانی کەمئەندامان ئاماژەی پێدەکەن بەهۆی بوونی دوو ئیدارەیی ئەوکات کەمئەندامانیش بوون بە دووبەش، چونکە ئەو بڕە پارەیەی بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان لە پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٠ زیاد کراوە، بەشێکی زۆری کەم ئەندامان لێی بێبەشن بەتایبەتی ئەوانەی لە ئیدارەی هەولێربوون، چونکە د. بەرهەم ساڵح ئەو کاتەی سەرۆکی وەزیرانی حکومەتەکەی سلێمانی بوو بە بریارێک رەزامەندی لەسەر ئەوەداوە کە موچە بۆ هەموو کەم ئەندامانی سنورەکە خەرج بکرێت بەبێ جیاوازی،ئەم بڕیارەش ژمارە ١١٣یەو ئێستاش کاری پێدەکرێت، بەڵام ئیدارەی حکومەتەکەی هەولێر ئەم بڕیارەی نەداو بەشێکی زۆری بەبێ موچەنو ئەوەی هەیە بە مەرجو پلەیە.

مافپەروەرو نابینا یادگار کەریم، سەرۆکی یەکێتی نابینایانو کەمبینایانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات، جیاوازی هەیە لە نێوان کەمئەندامانی هەولێرو دهۆک، لەچاو سلێمانی، چونکە هەموو کەم ئەندامێکی شاری سلێمانی موچەی پێدەدرێت، بەڵام لە هەولێرو دهۆک ئەوانەی موچەیان نییە دوو هێندەی ئەوانەن کە موچە وەردەگرن "پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٠ باشە، بەڵام کەم ئەندامێکی زۆر لە هەولێرو دهۆک لێی بێبەشبوون بەهۆی دوو ئیدارەیی ئەوکات".

وەک سەرۆکی کۆمەڵەی کورتەباڵایانی کوردستان دڵشاد قادر خۆشناو، ئاماژەی پێدەکات لە سلێمانی بەبڕیارێکی د. بەرهەم ساڵح، نزیکەی ٤٨ هەزار کەمئەندام موچەیان بۆ دەرچوو بەبێ جیاوازی، بەڵام لەهەولێر زۆر لە کەمئەندامان تاکو ئێستا موچەیان نییە، بۆیە خۆشناو وتی "داوادەکەین هەموو کەم ئەندامانی کوردستان وەکو یەک سەیر بکرێنو جیاوازی نەکرێت لە نێوان شاری سلێمانیو هەولێرو دهۆک، چونکە ئێستا یەک حکومەتو یەک ئیدارە هەیە بۆچی جیاوازی هەر بمێنێت؟!".

لەلایەن خۆشیەوە رەمزی یونس سەرۆکی کۆمەڵەی پاراستنی مافی بیرکۆڵانی کوردستان، هێما بۆ ئەوەدەکات کە ئەو موچەیەی لە هەولێر بە کەمئەندامان دەدرێت جیاوازیی هەیە، تەنانەت ئەوانەی موچەخۆری حکومەت بن موچەی کەمئەندامی شمولیان ناکات، بەڵام لە سلێمانی ئەگەر هاتوو کەمئەندام موچە خۆریش بێت ئەو هاوکارییەی حکومەت هەر وەردەگرێت، بۆیە دەڵێم : "با چیتر بانێکو دوو هەوا نەبێت، چونکە کەمئەندام هەر کەمئەندامە، ئەگەر لە جنوب ئەفریقاش بێت".



ژنێکێک لەگەڵ کوڕە کەمئەندامەکەیدا
فۆتۆ: سارا

هەروەها فاتیمە رەشید، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی کورتەباڵایان، بۆچوونی وایە کە دەبێت حکومەت ئاوڕ لە کەمو کورتی کەمئەندامان بداتەوە، چونکە کۆمەڵەکان لەبەرانبەر کارەکانیان کەمتەرخەم نەبوونو بەردەوام هەوڵیانداوە بۆ ئەوەی مافەکانیان پێبدرێت "حکومەت سێبەری هەموو میللەتە، نەوەک تەنها کەم ئەندامان، بەڵام جێگای نیگەرانییە لە شارێک هەموو کەمئەندامان موچە وەربگرن لە شارێکیتری هەمان هەرێم هەموو کەمئەندامان موچە وەرنەگرن".

جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی کورتەباڵایان ئەوەشی خستە ڕوو کە لە سلێمانی موچەخۆرەکانیش ئەو بڕە پارەیە وەردەگرن، بەڵام لە هەولێر وانییە، بۆیە دەتوانم بڵێم "لەم رووەوە حکومەت گەندەڵەو ئەمەش هەر گەندەڵیە، کە لێرە یاسایەک هەبێتو لە سلێمانی یاسایەکیتر کە هەموو خەڵک وەکو یەک سەیر نەکرێت".

### کەمئەندامان داوای چیانکردووە؟!

وەک سەرۆکی ئەو کۆمەڵانەو چەند ئەندامێکیتر ئاماژەی پێدەکەن سەدان جار داوای ئەوەیان کردووە کە سەرۆکی حکومەتی پێشووی کابینەی پێنج نێچیرڤان بارزانی ببینن، بۆ ئەوەی گوێ لە داواو پێشنیارەکانیان بگیرێتو چارەسەری کێشەکانیان بۆ بکەن. بەڵام هەموو هەوڵەکانیان لە سەردەمی کابینەی پێنج بێسود بووەو نەیانتوانی بگەن بە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەی ئێستا بەردەوامن لە هەوڵدان؟!

سەرۆکی کۆمەڵەی کورتەباڵایانی کوردستان دڵشاد قادر خۆشناو، باسلەوەدەکات کە چەندین جاریتر داوایان کردووە د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح ببینن، بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییەی هەیە لە نێوان کەمئەندامانی هەولێرو دهۆکو سلێمانی نەمێنێتو ئەو بریارەی کە دراوە گشتاندنی بۆ بکرێتو هەموو کەمئەندامێکی کوردستان بگرێتەوە، بەڵام هەرچاوەڕێینو بەهیوایین پێشوازیمان لێبکات.

### هیچ پرۆژەیەکیان پێشکەشکردووە؟!

وەک مافپەروەر یادگار کەریم، ئاماژەی پێدەکات دوو ساڵ زیاترە پرۆژەیەکیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە لە کاتی کابینەی پێنجەم کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت بوو، تاکو ئێستاش نە چاومان بە پرۆژەکە کەوتەوەو نە وەڵامیشیان داینەوە "لە ژووری راوێژکاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بوو، بەڵام نازانین ئێستا لە کوێیەو گەیشتۆتە کوێ؟!".

### هەوڵەکانی کەمئەندامان چیبووە؟!

لە پێش هەڵبژاردنەکەی ٧/٢٥ خۆپیشاندانێکیان بۆ پێش پەرلەمانی ئەوسا کردو لەلایەن سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ پێشوازیان لێکراو بەڵێنی ئەوەیان وەرگرت کە بەدوای چارەسەرکردنی کێشەکەیان بنو وەکو کەمئەندامانی شاری سلێمانی حسابیان بۆ بکرێت، بەڵام وەک رەمزی دەڵێت "ئەو کاتە تەنها بۆ رازی کردنی ئێمە ئەو قسەیان کرد، بۆ ئەوەی خۆپیشاندانەکە کۆتایی پێبێنین، چونکە پەرلەمانیش ئێمەیان لە چاوەڕوانی داناو کێشەکەیان بۆ چارەسەر نەکردین".

### کەمئەندامان چی بەپەرلەمانی ئێستا دەڵێن؟!

پێویستە خەمخۆری میللەت بنو کار بەو پرۆژانە بکەن کە پێش هەڵبژاردن بەڵێنتان بەخەڵکدا جێبەجێی بکەن. داوا دەکەین ئەو پرۆژە یاسایەی بودجەی ساڵی ٢٠١٠ کە موچەی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان زیادکراوە گشتاندنی بۆ بکرێتو هەموو کەمئەندامان وەکو یەک سەیر بکرێنو هەولێرو دهۆکیش وەکو سلێمانی حسابی بۆ بکرێتو موچە بەهەموو کەمئەندامێک بدرێت.

### لە کۆتاییدا کەمئەندامان چی دەڵێن؟!

دڵشاد قادر خۆشناوو یادگار کەریمو رەمزی یونس، هێما بۆ ئەوەدەکەن کەبۆ هەموو کۆمەلەکانی هەولێرو دهۆک داوادەکەین وەکو شاری سلێمانی هەموو کەمئەندامێک موچە وەربگرێتو جیاوازی نەکرێت، ئەگەر هاتوو بەمشێوەیەش بمێنێتەوە ناچارین بە شێوەیەکی یاساییو مەدەنیانە خۆپیشاندان بکەینو بەردەوامبین لەسەر داواکارییەکانمانو ئەمجارە کۆتایی بە خۆپیشاندانەکەش ناهێنین، تاکو مافی خۆمان بەدەست نەهێنین، خۆپیشاندانەکەشمان بەردەوام دەبێت هەتاکو بەڵێنێکی ڕاستو دروست لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو سەرۆکی پەرلەمان وەردەگرین.

# موەلیدەکانی گەڕەکی ئەندازیارانی شاری هەولێر هاوڵاتیانیان هەراسانکردووە

ئا: **پەروەر خۆشناو**

گەڕەکی ئەندازیاران کە دەکەوێتە ناوجەرگەی شاری هەولێرەوە، جاران یەکێک بوو لە گەڕەکە نمونەییەکانی ئەم شارە، بەڵام ئێستا وەک دانیشتوانی باسی لێوەدەکەن حاڵی زۆرخراپە، یەکێک لە کێشە گەورەکانی بێسەرو بەری موەلیدەکانییەتی، دوو موەلیدە لە دوو شوێنی جیاوازی ئەم گەڕەکەدا هەن، یەکێکیان لەناو چڕی ماڵەکاندا کە لەیەک کاتدا چەندین موەلیدەشکاوی گەورەی کۆن کارپێدەکاتو ئەوی دیکەشیان لە ناو (پارکی وەفایی)دایە.

قوتابی زانکۆ رێزان قادر کە ماڵیان بەرامبەر (موەلیدەی ئاکۆ)یە وتی: "خاوەنی ئەم موەلیدەیە لە یەک کاتدا چەند موەلیدەیەکی گەورە ئیش پێدەکات، لەبەرئەوە لە ماڵەوە خوێندنم پێناکرێتن رۆژانی پشووش دەچمە شوێنیتر بۆ سەعیکردن".

مامۆستایەکی زانکۆ لە هەمان کۆڵان کە ماڵەکەی تەنها چەندمەترێک لەم موەلیدەیە دوورە، وتی "دیوارەکانی ماڵەکەم درزی بردووە، بەهۆی هەزەی ئەم موەلیدانەوە". ئەمە جگە لەوەی کە



فۆتۆ: پەروەر

### موەلیدەکانی گەڕەکی ئەندازیاران

خانووەکانی نزیک ئەم موەلیدەیە، بە هەزاران دۆلار نرخیان هاتۆتە خوارەوە لە بەر دەنگی موەلیدەو پیسی رۆنو بۆنو نەشیاوی دیمەنی ئەم موەلیدانە کڕیاریان نییە.

دایکی ئالان "باسی لەوەکرد کە موەلیدەکە هێندە دەنگی بەرزە شوشەی پەنجەرەکان دەلەرێنەوە، هەروەها گوتیشی ئەم موەلیدانە زۆر کۆننو دوکەڵی رەشیان زۆرەو رۆژانە لە کاتێکدا کە مێزەکانی ماڵەوە دەسڕمەوە کلینێکسەکان ڕەشدەبن".

دڵشاد عەزیز دانیشتویەکی دیکەی هەمان گەرەکەو ماڵەکەی دڵشاد راستەوخۆ بەرامبەر یەکێک لەو موەلیدانە بووە، ئەو کە کرێنشینە لە کۆڵانی موەلیدەکە گوتی"ئەوەی سەیرە لەگەڵ ئەوەی کە ئەم موەلیدەیە بە درێژایی مانگێگ بێزارمان دەکات، بەڵام لەگەڵ هاتنی سەری مانگ یەکەم کەس پارەی موەلیدە لە ئێمە وەردەگرن، لەکاتێکدا لە گەڕەکو شارەکانی دیکە ماڵەکانی دەوروبەری موەلیدە کارەبایان بە بەلاش دەدرێتێ، ئەو هاوڵاتییە باسی لەوەش کرد کە ئەم موەلیدەیە دووشەفت کاردەکات، کە ئەمەش مانای ئەوەیە دوو هێندەی موەلیدەکانی دیکە هاوڵاتیان بێزاردەکات، چونکە ئەم موەلیدەیە هەرکاتێک کارەبای حکومی نەبێت ئەوا ئیش دەکات، شەفتی دووەمیشی نرخەکەی دوو هێندەیەو بە بەشداری کردنت دەبێت بەلایەنی کەمەوە سێ ئەمپێر رابکێشیت،و بۆ هەر ئەمپێرێکیش مانگانە پازدە هەزار بدەیت، کە ئەمەش بە ئێمە ناکرێتو تەنها بۆ ماڵە دەوڵەمەندەکانەو دەنگە بێزارکەرەکەشی بۆ ئێمەیەو کورد گوتەنی"هێلکەی بۆ خەڵکییەو جیقنەی بۆ ئێمەیە".

کێشەی موەلیدەکان لە نێو گەڕەکەکاندا کێشەیەکی گشتییەو پێویستە داواکاری گشتی لەسەری بێتە وەڵام، هەروەها دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت بەجدی خەمێک لە پیسبوونی ژینگەی ناوچەکە بخۆنو هەراسانی خەڵکی ئەو ناوچەیەش بەهۆی ئەو موەلیدانەوە.

لە پەیوەندی ئاوێنە بەخاوەنی موەلیدەی ناوبراوەوە، خاوەنەکەی ئاکۆ مەعروف ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێک بدات. سەبارەت بەو کێشەیە سەرۆکی لیژنەی بەدواداچونی موەلیدە ئەهلیەکان لە پارێزگای هەولێر ئەندازیار عەلی عەبدوڵا سالح لەو بارەیەوە وتی: "لە هەولێر بەدەیان کێشەی وەهامان چارەسەر کردوە، بەس بەداخەوە هەتا ئێستا کەس نەهاتووە لە خەڵکی ئەو گەڕەکە کە گرفتییان هەیە، تاوەکو ئێمە لیژنەی لەگەڵ بنێرین، ئیجرائاتی خۆمانی لەگەڵ بکەین". ئەو بەرپرسە ئەوە ناشارێتەوە کە ئەو ناوچەیە بەهۆی موەلیدەکەوە پیس بوبێت، هەروەها دەنگی بۆ چواردەورەکەشی دەچێت، لەبەرامبەردا ئەو ماڵانەی نزیکی ئەو دەنگە دەنگەن پارەی کرێی موەلیدە نادەن، ئەوەش وەکو ئوسوڵی ئەو کارەیە، ئەو وتیشی "بەراستی ئەوە یەکەمجارە دەبیستم پارە لە خەڵک وەردەگیرێت، ئەوە یاسایی نییە، بەڵام هەر موەلیدەیەک کە دادەنرێت، پارە لە ماڵە نزیکەکان وەرناگرێت". ئەو بەرپرسە باس لەوەش دەکات ئەگەر خەڵکی ناوچەکە سەردانمان بکات ئەوەی باشبێت لە خزمەتی خەڵکەکەدا دەیکەین، هەروەها ئێستا لیژنەیەکمان دروستکردووە کە سەردانی هەموو موەلیدەکان دەکەن ئەگەر ناوچەکەی پیس کردبێت پێی پاک دەکرێتەوە، ئەگەر دەنگی زۆر بێت ئەوا دەبێت دیواری ڕاگری بۆ بکات هەروەها ئەگجۆزی موەلیدەکەی بکاتە کاتیم، ئەگەر موەلیدەکەشی کۆن بێت بێگومان پێیدەگۆڕین. سەبارەت بەوەی کە ئەگەر خەڵکەکە موزەکەرەیەک بنوسن چییان بۆ دەکرێت ئەو وتی "ئیجرائاتەکان وەک باسم کرد، سەردانی ئەو شوێنە دەکەین، ئیدی بڕیاری خۆمان دەدەین ئەو موەلیدە پێویستی بەگۆرینە یان پێویستی بەهەڵگرتنە، یاوەکو باسمکرد ئەگەر دەنگی زۆر بوو، ئەگزۆزەکەی پێدەکەینە کاتم، یا ئەگەر دوکەڵ دەکات دەبێت چاکی بکاتەوە، ئیجرائات زۆر زۆرە".

### ئاماری موەلیدەکانی هەولێر؟

لە ئێستادا ٧٦٠ مولیدە لە ناو هەولێر کار دەکەن. لە دەوروبەریش بەهەموو قەزاو ناحیەو گوندەکانیشەوە ٧٠٠ مولیدە هەیە.